www.kurdistannet.org
5-11-2006 6:56بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دیمانە لەگەڵ کەژاڵ ئیسماعیل دەربارەی مافەکانی ژن و بزوتنەوەی ژنان: ئا/ ستیڤان شەمزینانی



ستیڤان: ئێمە چەندین ڕێکخراوی ئافرەتانمان هەیە بەجیاوازیی بیروڕاو تێگەیشتنی سیاسی و ئایدۆلۆژییانەوە، بەڵام هەست بەوە دەکرێت ئەم ڕێکخراوانە زیاتر کۆمیتەیەکی حیزبین بۆ لەقاڵبدانی ژنان لەچوارچێوەی تێفکرینی حیزبدا، بەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین لەکوردستان بزوتنەوەی ژنان هەیە کە خاوەنی دیدگایەکی ژنانە و فێمینستانە بێت؟

کەژاڵ ئیسماعیل:کێشەی کۆمەڵگەی کورد لەو خاڵەدا ئەبینمەوە کە ئێمە هەموو لایەنەکانی ژیانمان تێکەڵ کردووە یا بە واتایەکی ڕوونتر، هەر کام لە ئێمە لەپێناو دیوێک یا لایەنێکی تایبەت بە ڕەوتی بەرێوەچوونی کۆمەڵ بە شێوەی سەربەخۆ کارناکەین و، بە هەریەک لەو لایەنانە نرخ و بایەخ و قودسیەتی تایبەتی خۆیان پێنادەین، مەبەست لایەنە (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فیکری، ئایینی، کولتووری و یاسایی... ) کانن تا دەگاتە لایەنەکانی تایبەت بە خودی تاک لە کۆمەڵدا. بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا بیەوێت بێتە خاوەن مافێکی پارێزراو و بە خوازی خۆی چی بوێت بۆی بێتە دەست، ئەوا دەبێت مافی سەربەستی و ئازادی خۆی باتە پاڵ لایەنێکی خاوەن دەسەڵات و، یاسایەکی بەهێز لەپشتیەوە بێت. ئەویش بۆ کۆمەڵگەی ئێمە بە حوکمی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی چەندین ساڵ کۆنترۆڵی هەرێمەکەی کردووە، نامۆ نییە و دیاردەیەکی ئاسایی یە. هەر لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵ بەرێوە دەچێت و هەموو ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەری و سیاسییەکان کە ڕێکخراوەکانی ژنانیش بەشێکن لەو ڕێکخراوانە، لەسەر ئەو ئەساسە کاردەکەن. مەسەلەی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوی ژنان گرنگ نییە.. گرنگ ئەوەیە ئایا تا چ ئاستێک بەرپرسێتیان نیشان داوەو چییان کردوە بۆ ژنان؟ چۆنێتی و چەندێتی ئەرکەکانیان بەکوێ و بە کێ گەیاندووە؟ بەداخەوە ڕێکخراوەکانی ژنان سەربەخۆ کارناکەن بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان، کە ئەویش داکۆکی کردنە لە مەسەلەی ژن. هەریەک لەو ڕێکخراوانە بە ئایدۆلۆژیاو فیکر و ئەقیدەی تایبەت بەو لایەنانە کاردەکەن کە ئینتیمایان هەیە بۆیان و حەتمەن لەژێر گوشاری زوور خۆیاندان و لەهەموو حاڵەتەکاندا پیاو گورزی یاسا و دەسەڵاتی بەدەستە. کەواتە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بەستراون بە یاسای دەسەڵاتەوە و دەسەڵاتیش گەر یاسایەکی تایبەت بەژنانی دیاری کردبێت تەنها سونبولێکە بۆ موجامەلە و، دوورخستنەوەی ئەرکی پاراستنی ژنە لە ئەستۆی خۆی. بێگومان ڕێکخراوێک لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابێت ئەرکی سەرەکی ڕاکێشانی ژنانە بۆ ناو حیزب و، بیرکردنەوە لە سەر کێشە و مەسەلەی ژنان دەخرێتە دوای ئەووەوە. کەواتە بایەخدان بە زیادکردنی دەنگی ژنان ئەرکی ڕێکخراوەکانی پشتگوێ خستووە لە ئاست ئەرکی سەرەکی خۆیان، بێگومان کاتێک توانای دامەزراندنی ڕێکخراوی فێمێنیستی ژنان پڕاو پڕ بەواتای شیاوی خۆی دێتە ئەنجام کە تەنها پەیامی سەرەکی و بنەڕەتیان کارکردن بێت لە پێناو مەسەلەی ژناندا و، هەموو هەوڵ و توانایەک

بكەوێتەگەڕ بۆ دروست كردنی بزووتنەوەیەكی ڕاستی دڵسۆزانەی ژنانە و داكۆكی كردن لە هەموو مافێكی ژن، كە تیایا تەنها ژن بەرپرس بێت لە خودی بەڕێوەبردندا. ئەوكات دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی فێمێنیستی لەكاردایە و بوونی هەیە.

ستیڤان: گومان لەوە نییە چەوساندنەوە و هەڵاواردنی ژنان دیاردەیەكی جیهانییە و تایبەت نییە بە كۆمەڵگەو كولتوورێكی دیاریكراو، بەڵام لەكۆمەڵگەی كوردیدا ئەم چەوساندنەوەیە زۆر زەق و دیارەو فۆرمێكی بێڕەحمانەی بەخۆوە گرتووە، ئایا كاری ئەولەوی و هەرە گرنگ چییە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چ ئەوەی دەكەوێتە سەر ڕێكخراوەكانی ژنان چ ئەوەی دەكەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵات؟

كەژاڵ ئیسماعیل: چەوساندنەوەی ژنان ڕاستە دیاردەیەكی جیهانی یە و، لە زۆربەی كۆمەڵگاكاندا ژن دەچەوسێنرێتەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە فەرق دەكات هەرچۆن لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی دیكە فەرقی هەیە. ئەو دیاردەیە بەزۆری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست زەقتر دەبینرێت. خۆ ناكرێت بڵێم لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریكادا نییە، بەپێچەوانەوە ژن وەك هەموو كۆمەڵگایەكی دیكە زوڵمی لێدەكرێت بەڵام بە ڕێگەو شێوازێكی جیاواز دا (بۆ نموونە: لە وڵاتێكی وەك هۆڵەندا ساڵانە چەندین دیاردەی كوشتن و فراندن و تەنانەت دەستدرێژی سێكسی دەبیستین كە ڕووبەڕووی ژنان لە هەموو تەمەنەكاندا دەبنەوە و، لەڕێگەی كەناڵەكانەوە كە زۆر ئازادانە باسیان لێوەدەكرێت، بایەخێكی گرنگی پێ ئەدرێت و وەك كێشەی ڕۆژ بەدواچوونی چڕوپڕی بۆ دەكرێت) .

بەهەرحاڵ من دەمەوێت تیشك بخەمە سەر مەسەلەی چەوساندنەوەی ژنان لەكۆمەڵگای كوردیدا كە بەداخەوە مەودایەكی فراوان و زەقی لەخۆ گرتووە. ڕاستە چەوساندنەوەی ژنان تایبەت نییە بە كولتووری كۆمەڵگەوە. بەڵام، من پێم وایە لەكۆمەڵگای كوردیدا بە زۆرە ملی كراوەتە كولتوورێكی سەپێنراو و تێكەڵ بە ئایدۆلۆژیای پیاو سالاری كراوە و لە ئەنجامدا ژن لەبەرابەریدا زەرەرمەند بووە. لێرەدا نامەوێت باس لە هۆكارەكانی بكەم كە خۆی لەخۆیدا باسێكی تایبەت و چڕی دەوێت. بەڵام ئاماژە بە فاكتەرێكی گرنگ ئەدەم كە لە سۆنگەیەوە چەوسانەوەی ژن سەرچاوەی گرتووە، ئەویش ئەو ئایدۆلۆژیا هەڵەیەیە كە دەیگەڕێنمەوە بۆ ساڵانێكی زۆر پێش ئێستا، واتە پیاو مەزنیی (پیاوسالاریی) كە لە كۆنەوە بۆتە كولتوورێكی تایبەت بە بەرز ڕاگرتنی پیاو، بۆتە سونبولێك بۆ مەزنیی پیاو و لاوازیی ژن. بێگومان ئەو فیكرو ئەقیدەیە پەیڕەو دەكرێت و وێرای گۆڕانی ڕەوڕەوەی ژیان ناگۆڕێت كە ژنی بێڕەحمانە خستۆتە بەر گورزی زوڵم و زۆریی كۆمەڵ و، هەتا سەر ئێسكان ئەبوغزێنرێت. كاركردنیش بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە بەدەرەجەی یەك وا لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە، چون دەسەڵات بەرپرسی یەكەم و دواهەمینە لە بەڕێوەبردنی كۆمەڵدا. كەچی دەسەڵاتیش خەمسارادنە دەڕوانێتە ئەو مەسەلە گرنگەی بۆتە دیاردەیەكی ترسناك لەناو كۆمەڵداو، هەوڵی جدی نەداوە بۆ دابینكردنی یاسایەكی تایبەت بە مەحكوومكردنی چەوساندنەوەی ژنان.

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا ڕێكخراوە كانی ژنانیش هەر لەناو سنووری یاساكانی دەسەڵاتدا ئەركی خۆیان ئەنجام ئەدەن. كە واتە كاتێك ڕێكخراوەكان دەتوانن ئەركی خۆیان ئەنجام بدەن كە توانیان لە سنووری ئەو یاسایانە بێنە دەر و دەنگی ژنان بگەیەننە بەرزترین خاڵی دەسەڵات، ئەویش لە دڵسۆزی و لەخۆبوردن بەولاوە هیچ كارێكی گرانی ناوێت.

ستیڤان: ژنانی كوردستان لەژێر توندترین چەوساندنەوەی كولتووریدان بە ئەندازەیەك ژمارەگەلێكی زۆریان پەنا دەبەنە بەر خۆكوشتن و خۆسووتاندن، تەنانەت خۆ سوتاندن بۆتە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی، ئەگەر ئاگر پەیامێكی پێیە ئەو پەیامە چییە؟ ئایا گوزارشت لەدڕندەیی كولتوور دەكات یان لاوازیی و پاسیڤ بوونی كەسێتی ژنی كورد؟

کەژاڵ ئیسماعیل: دیاردەی خۆکوشتن یا خۆسووتاندنی ژنان لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەرێژەیەکی زۆر بڵاوە. بێگومان من ئەم دیاردەیە بەدیاردەیەکی تازە نابینم بەڵکو لە کۆنەوە ئەو دیاردەیە لەئارادا بووە و بە درێژایی ڕۆژگار ماوەتەوە و بەردەوام ژنانی کوردی خستۆتەژێر شەپۆلی مەترسییەوە. لێرەدا بەپێویستی نازانم باس لە هۆکارەکانی بکەم چون پێشتر لە وتارێکدا لەژێر ناوی (کاتێک ژن جەستەی خۆی دەکاتە خۆراکی ئاگر) کە لە زۆربەی ماڵپەڕ و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوبووەتەوە، وەک پێویست باسم کردووە.

من نازانم ژن بەو هەموو قەهر و ئازار و مەینەتییەی کە ڕۆژێ سەدان جار هەناوی داخان دەکەن بۆ لە لاوازترین خاڵی بێدەسەڵاتیدا، توندترین سزا بۆ جەستەی جوانی خۆی ڕەچاو دەکات و خۆی دەکاتە خۆراکی ئاگر (کە تەنها پەیامی سووتانی پڕ لە ئازاری جەستەیەکی نائومێدە و پەیامی مەرگی پێ یە) !؟ پەیامێک گوزارشت لە دڕندەیی کولتوورێک دەکات کە زۆر دڵڕەق و بێئینسافانە بەدرێژایی مێژوو ژنیان خستۆتە بەر گورزی زوڵم و چەوساندنەوە.

لێرەدا ئەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەو دیاردەیە لەهەمان کاتدا لاوازی ژنیش دەردەخات بەرامبەر ئەو کێشەو ناخۆشییانەی ڕۆژگار تووشی دەکات و، وەک باسم کرد ژن لە ئەنجامدا خۆی دەسووتێنێت. ئێمەی ژن لەوەتەی هەین نەوە لەدوای نەوەکان چیرۆکی خۆسووتاندنی ژنان دەماودەم دەبیستینەوە و هەرگیز نەمانبیست ئەو کارە کەمێک هەستی بەزەیی کۆمەڵگا بجووڵێنێت و، زۆر جاریش دوای خۆسووتاندن ژن دەکەوێتە سەرزاری کۆمەڵ و هەریەک بەجۆرێک تاوانباری دەکات! دیارە ئەم بڕیارەش حەتمەن لە لاواز بوون و ئاڵۆزی باری دەروونییەوە سەرچاوە دەگرێت و داخرانی هەموو دەروازەکانی خۆشیی و بەخت بەڕوویدا وای لێدەکات کەسێتی لاواز بێت و دوا بڕیار کە هەڵبژاردنی مەرگ و خۆسووتاندنە دەربکات.

من یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئاگر بۆ خۆکوشتن دەگێڕمەوە بۆ ئاسان دەستکەوتنی کەرەسەکانی ئاگر کردنەوە لەناو ماڵدا، بەحوکمی ئەوەی کە نەوت یان بەنزین وەک کەرەسەی سووتەمەنی بەکار دێت! چون لە کاتی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە، ژن نەتەنها لەلایەن کۆمەڵگە و بنەماڵەوە هیچ نرخ و بەهایەکی پێ نادرێت و ڕیزی دایکایەتی لێ ناگیرێت، بەڵکو تەنانەت لەلایەن ئازیزترین کەسییەوە کە دایك و برا و منداڵ بێت تێی هەڵدەدرێت و سەرکۆنە دەکرێت.. بێگومان هەر لەو کاتانەش دایە کە پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن دەبات.

ستیڤان: بەدەر لەوەی کولتوری کوردەواریی ڕووبەرێکی بەرفراوانی تیایە بۆ بێ بایەخکردن و چەوساندنەوەی ژن بەڵام یاساکان بەتایبەتی یاسای باری کەسێتی ئەم چەوساندنەوەیە لە فۆرمێکی یاساییدا ڕەوایی پێدەدەن، ئایا گۆڕینی یاساکان چەند کاریگەرە لەڕاستای دابینکردنی مافەکانی ژن؟ ئاخۆ گۆڕینی یاسا بەبێ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەبێتە فاکتۆرێک بۆ پاراستنی ژن لەهەڕەشەی چەوساندنەوەو دواتریش یەکسانکردنی لەگەڵ پیاودا؟

کەژاڵ ئیسماعیل: بەداخەوە لەکۆمەڵگای کوردیدا دەسەڵات نەیتوانیوە وەک پێویست بایەخ بەمەسەلەی ژن بدات و لەرێگەی یاسایەکی ڕوون و چەسپاودا مافەکانی ژن بپارێزێت. ئەوەی بینیمان لە یاسای نوێی دەسەڵاتی کوردیدا هەرهەمان یاسای پێشووی دەوڵەتی عێراقە کە بە هەمان فۆرم و ناوەڕۆک داڕێژراوەتەوە و، بەداخەوە هیچ شتێکی تازەی تیا نییە کە باس لەمەسەلەی ژن و ڕۆڵی ژن بکات لە بنیادنانی ئێستاو داهاتوی کۆمەڵگادا.

بێگومان دەستوور، یاساکانی تایبەت بەتاک و کۆمەڵ دیاری دەکات و بەپێێ بەندی تایبەت بە ئەرک و مافەکانی تاک لەکۆمەڵدا باری چۆنێتی دەستەبەرکردنی هەموو مافێکی تاک دەپارێزێت. بەداخەوە دیسانەوە ژن لە دەستووردا ئەو مافەی نەدراوەتێ ئەویش دەگەڕێنمەوە بۆ دانانی دەستوور و

بەڕێوەبردنی یاسا لەلایەن پیاوەوە کە لە سۆنگەیەوە ژن مەحرومە لە مافی دیاری کردنی چارەی خۆی و، هەروەها دەستەبەرکردنی دارشتنی یاسایەک وەک پیاو کە مافەکانی ژنیش تیایا پارێزراوبێت، خۆ هیچ نەبێت بەنیوەی پیاو کە دانراوە مافی ئازادی و ژیانی هەبێت! پێم وابێت ئەمەش کاتێک بۆ ژن ئاواتێکە و دێتە دی کە دەسەڵات ئەو مافەی بداتێ. گۆڕینی یاسا کاتێک تەئسیری لەسەر گۆڕینی چارەنووسی ژن دەبێت کە کۆمەڵگاش هەوڵی گۆڕینی هەڵسوکەوتی بدات لەبەرامبەر ژن و ئەویش پێویستی بە وشیاری و ڕۆشنبیریی هەیە. بەڵام لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەوە کارێکی ئاسان نییە و وا خێرا ئەنجام نادرێت. چون لەکۆمەڵگایەکدا ژن بێبایەخ و بەچاوی کەمتر لەپیاو تەماشا بکرێت و هەموو بارێکی ئازاردان و کوشتن و هەتک کردنی ژنی تێدا لەبار بێت گۆڕینی یاسا ئەو کاریگەرییەی نابێت لەسەر گۆڕینی چارەنووسی ژن.

خودی ژن لێرەدا خۆی سەرچاوەی مەسەلەکەیە و تەنها خۆشی دەتوانێت بیگۆڕێت. باشە ژنی کورد دەبێت چی کەمتر بێت لەژنانی وڵاتە پێشکەوتنخوازەکانی دونیا؟ ئەوان لەئەنجامی فشارخستنە سەر دەسەڵات و خۆپێشاندان و سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی داواکانیان هەموو مافێکیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە. پێم وابێت ئەمە کارێکی گران نابێت و پێویستی بەبیرکردنەوەو ڕامان نییە هەرکات کۆمەڵ فشاری خستە سەر دەسەڵات بێگومان دەسەڵات ناچار دەبێت داواکانی کۆمەڵ بێنێتەدی. گەر ئەو داوایە هەقی شەرعی تاک بپارێزێت، پێم وابێت ژنیش کە نیوەی کۆمەڵە و بناغەی بوونی نیوەکەی دیکەیە، دەبێت زۆر ئازا و بوێرانەنە داکۆکی لەبوونی خۆی بکات و ئەگەر نا، ئەوا ژن تا ئاییندەیەکی نادیار چارەنووسێکی ڕەشتر چاوەڕوانی دەکات.

بەرای من پێشکەوتنی کۆمەڵ پێویستی بە وشیاری و ڕۆشنبیریی هەیە و هەردووکیان دوو فاکتەری گرنگن بۆ گۆڕین و نەهێشتنی زوڵم و زۆریی و ئەو لایەنە کولتوورو دابونەرێتانەی کە کۆمەڵ هەتا گوێچکە نوقمی دەریای سەرلێشیوان و دواکەوتوویی دەکەن. ئەمانیش کاتێک دەستەبەردەبن کە هەرتاکێک لە ئاستی خۆیەوە هەست بە هەڵە و چەوتییەکانی ناو کۆمەڵگە بکات و هەوڵی گۆڕینی بدات بەرەو باشتربوون. ئەوکات کۆمەڵگە دەبێتە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و نوێخواز کە ڕەوشی دیمۆکراسییانەی ژیان و ئایدۆلۆژیایەکی مۆدێرن حوکمی دەکات و ئەوکات تاکەکان هەموو یەکسان دەبنەوە لە هەموو ماف و ئازادییەکاندا. بەواتایەکی دیکە ژن و پیاو یەکسان و بەرابەر دەوەستن وەک هەموو کۆمەڵگایەکی مەدەنی پێشکەتنخواز، کە تیایدا یاسای تایبەت ب ەپاراستنی مافەکانی تاک، وەک پێویست زوڵم و چەوسانەوە مەحکوم دەکات. بەو هیوایەشم کە ئەمە نەبێتە خەونێکی دوور و وەدینەهاتوو لەکۆمەڵگای کوردەراریدا. خۆ هیچ نەبێت ئێستا کە لە باشووری کوردستان دەسەڵات ئازادە و هیچ ڕێگرێک نییە لەبەردەم دانانی یاسایاکی عادیلانە کە تیایدا مافەکانی ژن بپارێزێت و یەکسانی بۆ ژن دەستەبەر بکات و، تەنها وەک سونبولێک بانگەشە نەکات بۆ داکۆکی کردن لەژنان! بەداخەوە، وەک لای هەمووان ئاشکرایە ژنان ئەمڕۆ هیچ بایەخێکیان نییە لە دەسەڵاتدا و ئەوەیشی دەبینرێت تەنها ڕووکەشێکە بۆ شاردنەوەی حوکمی پیاو بەسەر ژندا.

ستیڤان: ئەگەر بەزمانێکی سادەو کەمێک تەقلیدیی ئەو پرسیارە بکەین داخۆ چارەنووسی ژنی کورد بەکوی دەگات؟ ئایا ئاسۆی بزوتنەوەیەک دەرکەوتووە تا ژنی کورد لەم میحنەتە ڕزگار بکات یان دەبێت چاوەڕێی گلۆبالیزەیشن و کاریگەریی دەرەکی بزوتنەوەی ژنانی دنیا بکات تابتوانی کەمێک لەو خەباتە سوودمەند بێت؟

کەژاڵ ئیسماعیل: چارەنووسی ژنی کورد لەم ڕۆژگارەی ئێستادا، بەهۆی ئەو بارودۆخە ناشیاوەی تێیدا دەژی و، هەروەها بەهۆی نابەرابەریی ژن لەگەڵ پیاو، لە کۆمەڵگای کوردەواریدا گەلێک ئاڵۆزو نادیارە. هەر ئەو نابەرابەرییە وای لە کۆمەڵ کردووە کە بە ئارەزووی خۆی چی بیەوێت لە

چەوساندنەوە و زوڵم دەرهەق بەژن ئەنجامی بدات و، زۆر بێویژدانانە مامەڵەی پیاو لە ئاست ژن کە هەردێت توندوتیژتر و خراپتریش دەبێت ئاسایی و یاسایی نیشان بدات. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش گەر ڕۆژانە چاو لە ڕۆژنامە و گۆڤارو بڵاوکراوەکان بکەین بەدەیان ڕوداو بەسەرهاتی ترسناک و دڵ تەزێن ئەبیستین کە لەبەرامبەر ژن دەکرێن.

خودی ژنیش دەستەوەستان دەڕوانێتە مەسەلەی خۆی و، هەوڵی بەگژداچوونەوەی ئەو واقیعە سەختە نادات کە تیایدا دەژی. کاتێک ژن لەو میحنەت و دەردەسەرییە ڕزگار دەبێت تەنهاو تەنها خۆی بەدوای دۆزینەوەی خودی خۆی و ڕێگەچارەیەکدا خەبات بکات بۆ دەرباز بوون لە زوڵم و چەوسانەوە.

پێم وابێت کارکردن بۆ ئەو مەسەلەیەش لەڕێگەی وشیاری و وەئاگا هاتنەوە دەستەبەر دەبێت. بە مەرجێک دەسەڵاتیش پشتگیری لەمەسەلەکەی بکات و بەمافی ڕەوای ژنی بزانێت بەدوای سەلماندنی بوونی خۆیدا خەبات بکات و بێتە مەیدانی بوارەکانی ژیانەوە. هەرگیز ترس و دڵەڕاوکێ هیچ کات کێشەی ژنیان چارەسەر نەکردووە بەپێچەوانەوە بوونەتە هۆی دروست بوونی خاڵی لاواز لای ژن و، دیارە لە گۆشەنیگای ئەو لاوازییەوە چاو لەژن دەکرێت. هەر ئەو لاوازییەشە بۆتە هۆی دانانی ژن بەپلەی دووەم لەدوای پیاوەوە. بۆیە ژن پێویستی بە دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی فێمێنیستی پڕاوپڕ بەواتای ژنانە هەیە تا لەناویدا کار بۆ سەلماندنی بوونی خۆی و قایلکردنی کۆمەڵگە بکات بەوەی کە ژن تاکێکی چالاک و بەتوانای کۆمەڵە. ئەوکات دەتوانین بڵێین بزووتنەوەیەکی فێمێنیستیی لە ئارادایە کە کار و ئەرکەکانی لەپێناو قەرەبووکردنەوەی مافە پێشێلکراوەکان و سڕینەوەی زوڵم و چەوساندنەوەی ژندا بێت. ئەگەر ژن بەو واتایە کار نەکات ئەوا هەمیشە دەبێت چاوەڕوانی بزووتنەوەیەکی دەرەکی ژنانە بکات تا لەو واقیعە هەڵبێت و ڕزگاری بێت، وەك دەشزانین هەرگیز ئاوا ڕزگار نابێت.

• • •

Shamzini79@hotmail. com